# ڕۆبۆتە فڕۆکەکان

ڕۆبۆت لە داهاتوویەکی نزیکدا زۆر کارئاسانی بۆ مرۆڤ دەکات و زۆربەی ئەرکەکانی ژیانی بۆ ئەنجام دەدات، مرۆڤ هێندەی دیکەش لەباری جەستەییەوە تەمبەڵ دەکات.
کۆمپانیای تووتی فەرەنسەیی کە لە بواری ئامێرە وایەرلەیسەکاندا کار دەکات نیازی هەیە لە بواری داهێنانی ڕۆبۆتدا خۆی تاقیبکاتەوە ئەویش لە جۆری ڕۆبۆتە فڕۆکەکان کە بکرێت بەهۆی مۆبایل و تەبلێتەوە کۆنترۆڵ بکرێن.
ڕۆبۆتی جۆری AR.drone2 کە لە شێوەی هەلیکۆپتەرێك دەچێت و بەرهەمی کۆمپانیای ناوبراوە دەتوانێت بە مەودایەکی زۆر دوور بەهۆی مۆبایلەوە کۆنترۆڵ بکرێت و دەکرێت بەهۆی مۆبایلێکی هۆشمەند و پرۆگرامێکی تایبەتییەوە بەهۆی بوونی تۆڕی G4ەوە مەودای کیلۆمەترێك دوور بکەوێتەوە. کیلۆمەترێك بۆ ڕووبۆتێکی وا زۆرە. هەرچەندە لێرەدا پرسیارێك دێتە گۆڕێ ئایا ئەم داهێنانە نابێتە ئامرازێك بۆ ئەوانەی خراپەکاری دەکەن تا بەهۆیەوە ئامانجە بەدەکانیان بێننە دی، ئەوەیە دەڵێن تەکنەلۆژیای دوو ڕووی هەیە، ئامانجی مرۆڤەکان ڕووەکان دیاری دەکات.




## گۆڕانێک لە کامێرای پانۆراماییدا

گروپێك لە ئەندازیارانی بواری تەکنەلۆژیای نوێ لە فەرەنسە کامێرایەکی پانۆرامایییان بەرهەم هێناوە کە دەکرێت وەك گۆڕانێك لە جیهانی تەکنەلۆژیادا سەیر بکرێت، بۆ زانیاری زیاتر پانۆراما بەم جۆرە وێنە و فیلمانە دەگوترێت کە لەیەك کاتدا هەموو دەوروبەری وێنە یان فیلمەکە ببینی واتە 360 پلە دەوروبەری خۆت.
کامێرای جۆری cam360 دەتوانێت لە یەك چرکەدا 30 فریم فیلم هەڵبگرێتەوە. کامێراکە ستایلەکەی لە میوەی هەرمێ دەچێت، پێکهاتووە لە سێ عەدەسەی جۆری fish-Eye کە بەهۆیەوە دەکرێت فیلمی 360 پلە بگری، هەروەها وێنەی پانۆرامایی 8 میگاپیکسلی. لەم کامێرایەدا ڤیدیۆکان بە فۆرماتی MP4 و وێنەکان بە فۆرماتی JPG خەزن دەبن. کێشی کامێراکە 180 گرامە و سیستەمی دەستنیشانکردنی شوێن واتە GPS تێدایە سێ مایکی تێدایە بۆ دەنگ تۆمارکردنی هەر چواردەوروبەر، هەروەها ئاویشی تێناچێت.



# چاویلکەکەی گوگڵ توواناکانی زیاتر دەبن





گوگڵ کە یەکەمین چاویلکەی هۆشـــمەندی داهێنا و چاویلکەکە جگە لە ئەرکی دیتن چەندین ئەرکی گرنگ ئەنجام دەدات وەك کردنەوەی ســـایتەکان لە چاویلکەدا و ســـەیرکردنی فیلم و ...تاد. لەم چەند رۆژەی دواییدا گوگل بەهۆی گلەیی بەکارهێنەرانی چەند توانایەکی دیکەشـــی بە چاویلکەکـــەوە زیاد کرد، لەلایەنی هاردوێـــرەوە چاویلکەکە رامەکەی کرا بە 2 گیگابایت. هەروەها لەلایەنی ســـۆفتوێرەوەش گۆڕانکاری جیدی کراوە شێوازی ئاسان بۆ چێکردنی چوارچێوە بۆ وێنەکان داندراوە، هەروەها خزمەتگوزاری نیشاندانی شوێنی راگرتنی ئۆتۆمبێلی بەرکاهێنەرەکەی لێ زیاد کراوە. پێشووتر بەکارهێنەرانی چاویلکەکە دەیانتوانی بڵێن "چاویلکەکە وێنەیەك بگرە" "Ok Glass, take a picture" بەڵام ئێســـتا بەکارهێنەر دەڵێت " چاویلکەکە، دیمەنێك بـــۆ وێنەگرتنێکی جوان نیشـــان بـــدە" "Ok Glass, show the viewfinder" بەم هۆیەوە بەر لەوێنەگرتن بەکارهێنەر دیمەنێکی جوانی وێنەکە بەرلە گرتنەکەی دەبینێ.



# داری دیجیتالی ئامێرەکان شەحن دەکەنەوە

ڤیڤین مۆلێر ئەو داهێنەرە فەرەنسیەیە کە توانی داری دیجیتالی ســـەرنجڕاکێش کە وزەی خۆی لە خۆر وەردەگرێت و ســـەرچاوەیەکی وزەدانیشـــە بۆ ئامێرە دیجیتالییەکان لـــەم دواییەدا توانی گۆڕانکاری بەســـەر دارە دیجیتالییەکاندا بێنـــێ. داری دیجیتالی کە بە (Electree mini)ناسراوە تیشکی خۆر بەهۆی ئەو پەنێلانەی لەسەریەوەن وەردەگرێ، پەنێلەکانیش کە لە شێوەی گەڵای دارن وزە لەخۆیاندا رادەگرن بەهۆیەوە دەتوانرێـــت ئامێرەکانـــی وەك مۆبایل، لاپتۆپ، کامێرا..تاد شـــەحن بکەیەوە. جگە لەوەی کە وەك ئامێرێکی شـــەحنکردنەوەیە ستایلێکی سەرنجڕاکێشـــی هەیە و گلۆپی جوانی رەنگاورەنگی هەیە کە دیکۆرێکی جوان بەماڵەوە دەبەخشن.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکی بەڕێزی ئایتی دەپرسێت لەسەر مۆبایلەکەم وێنە و ڤیدیۆ و شتی تایبەت بەخۆم هەیە ئەگەر هاوڕێیەکم داوای مۆبایلم لێدەکات حەز ناکەم مۆبایلەکەی نەدەمێ بەڵام حەزیش ناکەم سـەیری وێنە و شتە تایبەتییەکانی خۆم بکات، ئایا چ بکەم بۆ ئەوەی کە داتا تایبەتییەکانی خۆم بشارمەوە و بۆ ئەوەی کە نەبیندرێنەوە؟

خوێنەری بەڕێز گەلێك پرۆگرامی تایبەت هەن بۆ ئەم بوارە، بەڕای من سـەرکەوتووترینیان پرۆگرامی gallery lockە کە بەبێ گرفت وێنە و فیلمەکان دەشـارێتەوە. دیارە بەبێ پرۆگرامیش ئەم کارە ئەنجام دەدرێت، هەرکاتێك نیازت هەبێت فۆلدەرێك بشاریەوە کە وێنەکانتی تێدایە دەتوانی لە پێش ناوی فۆلدەرەکە خاڵ واتە نوقتە بنووسی بۆ نموونە ئەگەر فۆلدەرەکەت ناوی karwan بێت بنووسە (karwan.) واتە لە پێش ناوەکە نوقتە هەبێت. بۆ دیتنەوەشی دەبێ سەیری فایل مەنجەر بکەی لەوێدا فۆلدەرەکەت دەبینیەوە.

## مینی کۆپێر سەلامەتتریـــــــــــن

سـالانە لە جیهاندا چەند ملیۆن کەس بەهۆی پێکدادان و وەرگەڕانی ئۆتۆمبێلەوە گیان لەدەسـت دەدەن، هۆکارەکە هەرچییەك بێت چ ناخۆشی ڕێگاوبان بێت چ کەمتەرخەمی شـۆفێرەکان دەکرێت بەر لە ڕوودانی کارەساتەکان بگیرێت. ئۆتۆمبێلـی مینی کۆپێـر مۆدێل 2014 سـەلامەتترین ئۆتۆمبیلە لـەم بوارەوە. ئۆتۆمبێلەکە چونکە سـێ سلیندەرە بەنزینێکی کەمی دەوێت. سیستەمی هۆشمەندی یارمەتیدەری شـۆفێر لەم ئۆتۆمبێلەدا زۆر گرنگە. ئـەم ئۆتۆمبێلە کە هـی کۆمپانیای BMWیە. شاشەیەکی لەسەر سوکانەکە دانـدراوە کـە





# سایتێک بۆ چێکردنی سایت

حەز دەکەی سایتێك واتە ماڵێكی مەجازی لە ئینتەرنێتدا کە بە کوردی پێی دەگوترێت ماڵپەڕ بە ئاسانی چێ بکەی، حەزدەکەی سایتی سەربەخۆی خۆت هەبێت کە بتوانی بە ویستی خۆت چێ بکەی؟ چەندین سایت هەن کە شوێنی بۆ دانان و چێکردنی سایت دەدەن، بەڵام هیچ ســـایتێك تواناکانی بەقەد ســـایتی VIX نییە. ئەم ســـایتە نەك تەنیا توانای ئەوە بە بەکارهێنەرەکەی دەبەخشێت کە ســـایتێك چێ بکات بەڵکو ئەگەر بەکارهێنەرەکەی شارەزاییەکی ئەوتۆشـــی لە چێکردنی سایتدا نەبوو دەتوانی بە ئاسانی ئەم ئەرکە ئەنجام بدات، چونکە نموونەی دەیان ســـایتی تێدایە بەکارهێنەر تەنیا ئەوەندەی لەســـەرە کە سایتەکەی خۆی دەسنیشان بکات کە لە چ بوارێکدا خزمەتگوزاری ئەنجام دەدات. هەرکە ئەم ســـایتەت کـــردەوە دەتوانی بە ئەکاونتەکەی خۆت بچیە ژوورەوە و لەودا بەبێ گرفت سایت دروست بکەی.

## ـــــن ئۆتۆمبێل لە جیهاندا

زانیاریـــی ورد وەك خێرایـــی، دۆزینەوەی ڕێگا چەند هێمای دیکەی لەسەرە. شاشەکە هێماکان وەك تیشکێك لە دەرەوەی شاشـــەکە نیشان دەدات، بەڵام لە هەمووی گرنگتر ئۆتۆماتیکی ســـتاپ لێدانییەتی، بۆ نموونە ئەگەر مـــەودای دوو مەترت بمێنێ بۆ هەر شـــتێك ئۆتۆماتیکی ســـتاپ لێدەدات و رادەوەستێت، ئەگەر شـــۆفێرەکە خافڵا بوو یان ئاگادار نەبوو ستاپ بکات و لە ئۆتۆمبیلێك نزیك بوویەوە ئۆتۆماتیکی ســـتاپ لێدەدات، لەکاتی مەترســـی جیدیدا شـــۆفێر ئاگادار دەکاتەوە، گەر شـــۆفێر گوێی بەم هۆشـــیارکردنەوەیە نەدات، ئۆتۆماتیکی رادەوەســـتێت، ئەگەر لە ڕێگادا لە ئۆتۆمبیلی پێش خۆی نزیك بوویەوە ئۆتۆماتیکی خێرایی کەم دەکاتەوە و هەر کە لە ئۆتۆمبێلەکە ڕەت بوو خێراییەکە زیاد دەکاتەوە. لەهەمووی گرنگتر هێماکانی سەرشەقامەکان دەخوێنێتەوە، بۆ نموونە ئەگەر هێمای خێراییت کەم بکەوە لەســـەر جادە هەبوو خۆی خێرایی کـــەم دەکاتەوە، یان ئەگەر هێمـــای خێراییت 60 بێت، خۆی خێرایی دەکاتە 60. یان ئەگەر شـــەقامەکە بۆ لای راست یان چەپ دەســـووڕایەوە خۆی سوکانەکە بەرەو ئەم ئاراســـتەیە دەبات، ئەگـــەر ئۆتۆمبیلێك لە بەرامبەرتـــەوە بێت، ئۆتۆماتیکی گلۆپی بۆ لێدەدات، یان خۆی لێ لادەدات. کاتێك نیازت هەیە لە شوێنێك رایبگری کە هیچ شوێنێکی ئەوتۆ نەماوە بۆ راگرتن، خۆی بە چاوە ئەلکترۆنییەکانی ئەگەر تەنیا شوێنی خۆی ببینێتەوە شۆفێر ئاگادار دەکاتەوە، شۆفێر تەنیا دوگمەیەك دادەگرێ و خـــۆی ئۆتۆماتیکی دەچێتە شوێنە بەتاڵەکە.

## سیستەمی دیجیتاڵی لە خزمەت کشتوکاڵدا




ئێســـتا لـــە کوردســـتانیش چەند شـــوێنێك هەن کـــە دەتوانن خزمەتگوزاریـــی ئاودانـــی کێڵگە و باخـــەکان بەهۆی ســـیمکارت و کورتەپەیامـــەوە بە ئەنجام بگەیەنن، بۆ نموونە تۆ لە هەولێر نیشـــتەجێی و کێڵگەکەت لە تەقتەقە و پێویســـتی بە ئاودانە، پێویســـت ناکات تۆ بچی بۆ کێڵگەکـــەت بەڵکو بەهۆی ئامێرێك کە لە مزەخەی بیرەکە خراوە و ســـیمکارتی لەســـەرە بـــە ناردنی کورتەپەیامێك کێڵگەکە ئاو بدەی یان ئاوەکەی بگریەوە.

سیستەمێکی دیکەی هۆشـــمەندی پێشکەوتوو لە جیهانـــدا بەناوی Edyn هاتۆتە ئـــاراوە کە دەکرێت بڵێین هەتا ئێســـتا هۆشـــمەندترین سیســـتەمە، ئەم سیســـتەمە تەنیـــا پەیوەنـــدی بـــە ئاودانەوە نییـــە بەڵکو لـــە هەموو بوارەکانـــدا لە خزمەتی باخ و بەربوومە کشـــتوکاڵییەکاندایە، وەك مـــەوادی کیمیایـــی، کاتەکانـــی ئـــاودان، کاتەکانی پێراگەیشـــتن بـــە بـــاخ و بەربوومـــە کشـــتوکاڵییەکان، ئەم سیســـتەمەش بەهۆی ســـیمکارتەوە ئەرکەکان ئەنجام دەدات، بـــەڵام ئوتۆماتیکـــی خۆی ئەرکەکـــە ئەنجـــام دەدات، واتە هەرکاتێك پێویســـتی بە ئاو بوو ئۆتۆماتیکی ئاوی بەرووبوومە کشـــتوکاڵییەکان دەدات. هەستەوەرێکی هۆشـــمەند لە باخەکە دەخرێت ئەم هەستەوەرە چۆنییەتی شێی خاك و گەرمی خاك بۆ مۆبایلێکی هۆشمەند بەڕێ دەکات. پرۆگرامێکی تایبەت کە بۆ ئەم مەبەســـتە داندراوە دەزانێت کێشەکە چییە، خۆی فەرمان بە سیستەمی ئاودان دەکات کە ئەم ڕێژەیە ئاو بدە وزەی پێویستیش بۆ ئامێرەکان لە خۆرەوە وەردەگیردرێت.